www.kurdistannet.org
9-7-2006 2:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## له ئاوی دۆکان... هونەرمەندێک له بەرچاوی خەلک دەخەنکێت.... رزگار کۆچەر

مەرگ خۆی لە بۆسەدا بوو بۆت... جاوە بجوکەکان ودەم چاوە پر لە خەندەکەت وەك رۆژانی تر بەخێر هاتنی رۆژ ئاوا بوونی نەکرد... ئەم ئێوارەیە خۆت دەریات بۆخۆت دەست نیشان کردوو لە نێو شەپۆلەکانی دەست وباڵەکانت دەجولاند تا رزگارت بێت ئێوارەی رۆژی هەینی رێکەوتی 2006/7/7کاتێك کۆمەلە هونەرمەندێك بەنیازی گەشت کردن سەردانی هاوینە هاواری دۆکان دەکەن لەم کاتەش ئاوی سەدەکە بەردەدرێت...

لەم ساتەش هونەرمەند رەمزی خانەقینی لەناو ئاوەکە دەبێت و هەرجەندە دەکات ناتوانی رزگاری بێت... لەکاتی رودانی ئەم روداوە خەلکێکی زۆر ئەم دیمەنە تراژیدیایە وێنە دەگرن وهەول نادەن رزگاری بکەن..

تائێستاش تەرمی هونەرمەند رەمزی خانەقینی نەدۆزراوەتەوە...

تێبنی وێنەکان لە کاتە گیراوە کە هونەرمەند لەسەر ئاوەو دوای ژێر ئاو دەکەوێت و کەس ناویریت خۆی لە ئاوەك بداتو رزگاتری بکات...

